RJH | Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website
Vol. 13, No. 3 (2026)

Received: 26th May 2026 Accepted: 26th July 2026 Published online: 20th September 2026

Geographical Analysis of Rural Settlement Distribution Patterns in Choman and Khabat Districts - A Comparative Study

Hoger Jameel Ahmed [1] - Kamaran Wali Mahmood [2]

hograhmad1973@gmail.com

[1] Fakher Mergasori Educational Complex, Ministry of Education, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

[2]Department of Geography, College of Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq

Abstract

This study aims to reveal the spatial patterns of rural settlement distribution in the districts of Choman and Khabat, using spatial statistical techniques within a Geographic Information Systems environment. The study adopted inductive and comparative approaches, utilizing spatial analysis methods. To achieve the objectives, the study was divided into Four main axes: The theoretical framework of the study, Central distribution of rural settlement, Patterns of rural settlement distribution, and the influence of natural and human factors on the pattern of rural distribution. The most important results of the study showed that the pattern of rural settlement distribution in Choman district is generally a clustered random pattern, while Khabat district exhibited a random pattern, primarily due to the influence of the complex interplay of natural and human factors, these factors collectively contributed to the spatial differences observed in the distribution of rural settlements in the study area.

Keywords: GIS, Spatial pattern, Rural settlements, Choman and Khabat Districts.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شیکرنەوەیەکی جوگرافی بۆ تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزاکانی چۆمان و خەبات - توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە

هۆگر جمیل احمد [1] - کامران ولی محمود [2]
[1] کۆمەڵگەی فاخیر مێرگەسۆری پەروەردەیی - وەزارەتی پەروەردە - هەولێر- هەرێمی کوردستان – عێراق
[2] بەشی جوگرافیا - کۆلێژی ئەدەبیات - زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر- هەرێمی کوردستان - عێراق

پوختە

ئامانجی توێژینەوە، بریتییە لە دەرخستنی تەرزە شوێنییەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکانی چۆمان و خەبات بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئاماری شوێنی لە ژینگەی (GIS)دا. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدەکانی ئەستقرایی و بەراوردکاری بەستوە، ئەویش بە بەکارهێنانی شێوازەکانی شیکردنەوەی شوێنی. بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان، توێژینەوەکە بەسەر چوار تەوەری سەرەکییدا دابەشکراوە، کە بریتین لە: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە و دابەشبوونی ناوەندی نشینگە دێهاتییەکان و تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان و کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان لە تەرزی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەبو کە تەرزی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان بەشێوەیەکی گشتی تەرزێکی لەیەکتر نزیکی هەڕەمەکییە، هەرچی قەزای خەباتە، جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی لەخۆگرتوە، کە بە پلەی یەکەم بەهۆی کاریگەریی تێکهەڵکێشی هۆکارە سروشتی و مرۆییەکانن، لە ڕاستیدا ئەم هۆکارانە پێکەوە بەشداریان لەو جیاوازییە شوێنییەدا کردوە، کە لە دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوەکەدا بینراوە.

کلیلی وشە: GIS، تەرزی شوێنیی، نشینگەی دێهاتی، قەزاکانی چۆمان و خەبات.

پێشەکی

تەرزەکانی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکان، یەکێکن لە گرنگترین دیاردە شوێنییەکانی جوگرافیای دێهات، بەشێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی کارلێککردنی کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و مرۆیین لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، لەبەر ئەوە شیکردنەوەی ئەم تەرزانە تەنها بە وەسفکردنی شێوازی بڵاوبونەوەی نشینگەکان سنوردار نابێت، بەڵکو کاری لە پێشینەی لێکدانەوەی بنەما و هۆکارەکانی ڕێکخستنی شوێنجێیان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییەکان و شێوازی نیشتەجێبونیانە. لەم ڕوانگەیەوە، جیاوازیی و هاوشێوەیی لە تەرزەکانی دابەشبوندا، وەک ڕەنگدانەوەیەکی جیاوازیی هۆکارە کاریگەرەکان دەبینرێت، نەک تەنها وەک جیاوازییەکی شوێنیی. ناوچەی توێژینەوەش تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، کە بە جۆرێك لە ئاکامی کاریگەری کۆمەڵێك لە هۆکارە سروشتی و مرۆییەکانەوە، ڕەنگدانەوەی چەند تەرزێکی جیاوازی پێوە دیارە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان، جۆرە تەرزێکی لەیەکتر نزیکی هەرەمەکی و لە قەزای خەباتیش، جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی لەخۆگرتوە، لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدەین ئەم جیاوازییە لەم دابەشبونەدا بخەینەڕو.

1- گرنگی توێژینەوە: هەوڵدەدات بەشێوەیەکی بەراوردکاریی بەپشتبەستن بەداتا و شیکردنەوەی شوێنیی دیاردەکان، تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە لادێییەکانی قەزاکانی چۆمان و خەبات شیبکاتەوە. هەروەها جەختیش دەکاتەوە لە شیکردنەوەی ئەو هۆکارە کاریگەرییانەی کە لە پێکهاتە و جیاوازی تەرزەکاندا هەیە.

2- گرفتی توێژینەوە:

1- ئایا ناهاوسەنگییەك لە نێو دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە هەیە؟

2- ئایا تەکنیکە سەردەمیەکانی سیستەمی زانیاریی جوگرافییەکان، توانستێکی کارایان لە بە دیارخستنی تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ئەم دو قەزایەدا هەبوە؟

3- ئامانجی توێژینەوە: دەرخستنی تەرزی شوێنییەکانی نشینگە دێهاتییەکانە لە قەزاکانی چۆمان و خەبات، بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئاماری شوێنیی لە ژینگەی سیستەمی زانیاریی جوگرافییەکان، بەمەبەستی بەشداریکردن لە پڕۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی پلاندانانی پەرەپێدان لە نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

4- گریمانەی توێژینەوە

1- جیاوازییەك لە نێوان تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکانی چۆمان و خەبات هەیە، هۆکارە سروشتییەکان بەتایبەتی هۆکاری بەرزی و نزمی ڕوی زەوی، تەنانەت هۆکارە مرۆییەکانیش کاریگەرییان کردوەتە سەر ئەم جیاوازییە.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

2- تەکنیکە سەردەمیەکانی سیستەمی زانیاریيە جوگرافییەکان، توانستێکی کارایان لە بە دیارخستنی تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ئەم دو قەزایەدا هەبوە.

5- میتۆدی توێژینەوە: پشت بە هەریەك لە میتۆدەکانی ئەستقرایی بەراوردکاری بەستراوە. جگە لەوەش میتۆدی ئاماری شوێنیی پەیڕەو کراوە، بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی شیکردنەوەی ئاماری شوێنجێیی و شیکردنەوەی شوێنیی بۆ دەرهێنان و دەستنیشانکردنی خاڵە سەنتەرییەکان و تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ARC GIS 10.8.

6- پلانی توێژینەوە: بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوە، ئەوا بۆ چوار تەوەرەی سەرەکی دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم بریتییە لە: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە، کە تایبەتکراوە بۆ لایەنی توێژینەوەکانی پێشو و ناساندنی ناوچەی توێژینەوە، لە تەوەرەی دووەمدا باس لە دابەشبونی ناوەندی نشینگەکانە، لە ڕوی دەرخستنی خاڵی سەنتەری ناوەندی و دیاردەی سەنتەری، تەوەرەی سێیەمیش تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوەیە، کە دوریی پێوانەیی و ئاراستەی دابەشبون و پێوەری نزیکترین دراوسێ لەخۆدەگرێت، هەرچی تەوەرەی چوارەمە، کاریگەری هۆکارە سروشتییەکانی وەك، بەرزونزمی و ئاووهەوا و دەرامەتی ئاو، لە پاڵیشیدا هۆکارە مرۆییەکانی وەك، ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

7- سنوری توێژینەوە

سنوری شوێنیی: نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکانی چۆمان و خەبات.

سنوری کاتی: ساڵی 2023 ی زایینی.

1- چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:

1 – 1 : توێژینەوەکانی پێشو

چەند توێژینەوەیەکی بەراوردکاری بە ئامانجی دەرخستنی تەرزی دابەشبونی شوێنیی نشینگە دێهاتییەکان ئەنجامدراون، وەك توێژینەوەی (الحيالي و عيدان، ٢٠١٨، 611- 628) لەسەر نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکانی بلدروز وکلار، توێژینەوەی (محمد، 1982، 77 - 116) لەسەر نشینگە دێهاتییەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و ئەنبار و زیقار، توێژینەوەی (کاظم و جبر، 2025، 236 - 257) لەسەر تەرزی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکانی حوسەینییە و جۆگەی ڕۆژئاوا لە پارێزگای کەربەلای شەریف، توێژینەوەی (مضهری و ئەوانی تر، 2020، 3 - 14) لەسەر نشینگە دێهاتییەکانی ئەبادان و شادەگان، هەروەها توێژینەوەیەکی تریش لە کەرتی جیلین لە وڵاتی چین لەلایەن (Li *et al*, 2017, 2 -16) ئەنجامدراوە، بە مەبەستی شیکردنەوەی شوێنیی تەرزەکانی نشینگە دێهاتییەکان لە ناوچەکانی تۆنگۆ و دەهیو و ئانتو. ئەوەی جێی سەرنجە لەسەر ئەم توێژینەوانە ئەوەیە، کە تەکنیکەکانی شیکردنەوەی ئاماری شوێنییان لە ژینگەی (GIS) بەکارهێناوە، بەمەبەستی گەیشتن بە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان، وەك شیکردنەوەی نزیکترین دراوسێ، دوریی پێوانەیی و خاڵە سەنتەرییەکان. توێژینەوەکەی ئێمە ئەوەیە، کە هەوڵی داوە ئەو تەکنیکانە جێبەجێبکات لەسەر دۆزینەوەی تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە نێوان دو ناوچەی جوگرافی لەیەکتر جیاواز، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەریی فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان لەم دابەشبونەدا.


1 – 2: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

قەزای چۆمان توێژینەوە یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران، کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، نەخشەی(1)، لە هەرێمی کوردستانی عیراق، بەجۆرێك دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (= 47 ¯ 26 ° 36 و = 29 ¯ 46 °36)ی باکور و هەردو هێڵی درێژی (= 19 ¯ 38 ° 44 و = 2 ¯ 5 °45)ی ڕۆژهەڵات. سەنتەری قەزاکە نزیکەی 150 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دورە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر، بەشی نەخشەسازی، ٢٠٢٦). سەبارەت بە پێگە جوگرافییەکەیەوە، لە بەشەکانی هەردو باکورو باشوری ڕۆژهەڵاتیدا هاوسنورە بە سنورێکی ڕامیاری نێودەوڵەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، لە بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژئاوایدا سنورێکی کارگێڕی لەگەڵ قەزاکانی سیدەکان و سۆراندا هەیە، هەرچی بەشەکەی باشورە، لەگەڵ پارێزگای سلێمانیدا هاوسنورە، هاوکات لە بەشەکانی باشوری ڕۆژئاوای لەگەڵ قەزای ڕواندز هاوسنورە نەخشەی(1)، شایەنی باسە، قەزاکە پێنج یەکەی کارگێڕی لەخۆگرتوە، ئەوانیش بریتیین لە: سەنتەری قەزا، گەڵاڵە، حاجی ئۆمەران، قەسرێ و سمێلان.

نەخشەی (1)

پێگەی قەزاکانی چۆمان و خەبات بەگوێرەی پارێزگای هەولێر

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8)، بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، بەشی(GIS)، هەولێر، 2026

هەرچی قەزای خەباتە، کەوتۆتە بەشەکانی ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عیراق، نزیکەی 34 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری هەولێرەوە دورە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر، بەشی نەخشەسازی، ٢٠٢٦). کە دەکەوێتە نێوان هەردو بازنەی پانی (37° 8 ˉ 36° و 49° 32 ˉ 36°)ی باکور و هەردو هێڵی درێژی (19° 36 ˉ 43° و 55° 6 ˉ 44°)ی ڕۆژهەڵات. سەبارەت بە پێگە جوگرافییەکەیەوە، تێکڕا بەشەکانی ڕۆژئاوای کەوتۆتە لێواری زێی گەورە کە سنورێکی سروشتی جیاکەرەوەی نێوان قەزاکە و دەڤەری بادینانە، هەروەها لە بەشەکانی باکوریدا هاوسنورە لەگەڵ قەزاکانی شەقڵاوە و پیرمام، لە بەشەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتیدا، هاوسنورە لەگەڵ قەزاکانی ناوەندی هەولێر و عەنکاوە، لە باشوورەکەشیدا لەگەڵ قەزای مەخموردا هاوسنورە هەمان نەخشەی(1)، لەڕوی کارگێڕییەوە، قەزاکە (4) ناحیەی لە خۆگرتوە ئەوانیش: سەنتەری قەزا، ڕزگاری، کەورگۆسک و دارەشەکران

سەبارەت بە ڕوبەر و ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە، وەک لە خشتەی(1)دا ڕونکراوەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ڕوبەری قەزای چۆمان گەورەترە، کە 861 کم^2 و 115 نشینگەی دێهاتیی لەخۆگرتوە، حاجی ئۆمەرانیش گەورەترین و گەڵاڵەش بچوکترین ناحیەیە لەسنوری قەزاکە. هەرچی قەزای خەباتیشە ئەوا ڕوبەرەکەی 695 کم^2، کە 65 نشینگەی دێهاتیی لەخۆگرتوە و دارەشەکران گەورەترین ناحیە و سەنتەری قەزاکەش بچوکترینیانە.

خشتەی (1)

ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان و ڕوبەری یەکە کارگێڕییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

قەزای چۆمان				قەزای خەبات			
یەکە کارگێرییەکان	ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان	ڕووبەر (کم۲)	%	یەکە کارگێرییەکان	ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان	ڕووبەر (کم۲)	%
سەنتەری قەزا	٢٢	١٧٠	١٩،٨	سەنتەری قەزا	٤	٤٢	٦
ناحیەی گەڵاڵە	١٢	٧١	٨،٢	ناحیەی ڕزگاری	١٨	٢٥١	٣٦،١
ناحیەی حاجی ئۆمەران	٢١	٢٥٤	٢٩،٥	ناحیەی کەورگۆسك	١٨	١٠٨	١٥،٦
ناحیەی قەسرێ	٢٦	١٧٦	٢٠،٤	ناحیەی دارەشەکران	٢٥	٢٩٤	٤٢،٣
ناحیەی سمێلان	٣٤	١٩٠	٢٢،١	-	-	-	-
قەزا	١١٥	٨٦١	١٠٠	قەزا	٦٥	٦٩٥	١٠٠

کاری توێژەران بە پشتبەستن بە:

1 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی (GIS)، هەولێر، ٢٠٢٦

2 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، بەشی (GIS)، هەولێر، ٢٠٢٦

2- دابەشبونی ناوەندی نشینگە دێهاتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

ئاراستەکانی ناوەندی بۆ دابەشبونی دانیشتوان لە ئێستادا وەکو پێوەرێکی بنچینەیی و زانستی بۆ دابەشبونی دانیشتوان بەکاردێت، لەناویاندا بۆ دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان. ئەم پێوەرانەی کە لەم بوارەدا بەکاردێت، بەجۆرێک کە ئاستی چۆنیەتی بڵاوبونەوە و پەرتبون و کۆبونەوەی دانیشتوان لەسەر سەرجەم لایەنەکانی دانیشتوان دەخاتەڕو لە یەکەیەکی دیاریکراوی ڕووبەردا، ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریی جوگرافییەکانەوە بەکاردێت.(عزیز و احمد، 2026، 37). کە ئەنجامەکەیان لە نەخشەکانی (2 و 3)دا دەبینرێت.

2 – 1: خاڵی سەنتەری ناوەند (Mean Center)

گوزارشت لە چەقی قورسایی، یان شوێنی ڕاکێشانی سەرەکی دابەشبون دەکات، بەجۆرێك دەکەوێتە ناوەڕاستی تان و پۆیەکانی دیاردەی لێکۆڵراوەکە (نوفل، ٢٠٢٤، ٧٩). بەگوێرەی ئەم پێوەرە، خاڵی سەنتەری ناوەندی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان دەکەوێتە شوێنێکی تاڕادەیەکی نزیك لە ناوەڕاست، کە تەنها 3،8 کم لە سەنتەری قەزاکە دورە. لەبەرامبەردا، سەنتەری ناوەندی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات، دەکەوێتە شوێنێکی تاڕادەیەك دور لە ناوەڕاستی قەزاکە و هەندێکیش بەرەو باشور لاردەبێتەوە، لەپاڵیشیدا لە سەنتەری قەزاکە بەدوری 12،5کم دور دەکەوێتەوە، کە زیاترە لە سێ ئەوەندەی قەزای چۆمان.


2 – 2: دیاردەی سەنتەری (Central Feature)

خاڵێکە یاخود شوێنێکە لە نێوان باقی شوێنەکاندا دەبێتە ناوەند، بە شێوەیەك دڵی دابەشبونی شوێنەکانیان لەسەر نەخشەکە پێکدەهێنێت، هەروەها دەتوانین لەسەر نەخشەکان بەبێ بەکارهێنانی هیچ هاوکێشەیەکی ئامارگەری دیاری بکەین (العتيبي و الطائي، ٢٠١٢، ١٣٣). بەپێی پێوەری دیاردەی سەنتەری، گوندی کەوەرتان کە سەر بە ناحیەی سەنتەرە، دیاردەی سەنتەری دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان دەنوێنێت لە قەزای چۆمان، کە 2،8 کم لە سەنتەری قەزاکە دورە، تەنانەت 1،96کم بە ئاڕاستەی باشوری ڕۆژهەڵات لە خاڵی سەنتەری ناوەند دوردەکەوێتەوە. لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی جەدیدەزاب لە ناحیەی ڕزگاری لە قەزای خەبات، بە دیاردەی سەنتەری دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان دادەنرێت، کە 9.2کم لە سەنتەری قەزاکە دورە، هەروەها 3.54کم، بە ئاڕاستەی باشوری ڕۆژئاوا لە خاڵی سەنتەری ناوەند دوردەکەوێتەوە.


نەخشەی(2) پێوەری ئامارە شوێنییەکان لە نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان

نەخشەی (3) پێوەری ئامارە شوێنییەکان لە نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



سەرچاوە: دەرهاوێشتەکانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦



سەرچاوە: دەرهاوێشتەکانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بە پشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، 2026

3- تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان جگە لە چەند تەرزێکی لاوەکی، بەشێوەیەکی سەرەکیش هەر یەک لە تەرزەکانی کۆبوونەوە، بڵاوەبو، پەرشوبڵاو و تەرزی هێڵی دەگرێتەوە. لێرەدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکانی چۆمان و خەبات، هەر یەک لە پێوەرەکانی دووری پێوانەیی و ئاراستەی دابەشبون و هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ، لە نێو تەرزەکانی دابەشبوندا بەکاردەهێنرێت، کە ئەنجامەکەیان لە نەخشەکانی پێشو (2 و 3)دا دەبینرێت.

3 - 1: دووری پێوانەیی

پێوەرێکی گرنگی بڵاوبونەوەی دابەشبونی شوێنیی دیاردەکانە، کە بریتییە لە نیوەتیرەی بازنەیەک گوزارشت لە ماوەی بڵاوبونەوەی توخمەکانی دیاردەیەک دەکات لەدەوروبەری خاڵی سەنتەری ناوەندی (احمد، ٢٠٢٠، ١٣٤). بەهای دووری پێوانەیی بە بازنەیەک دەکێشرێت کە سەنتەری ناوەندی دیاردەکان چەقی بازنەکەیە. ئەگەر ڕێژەی بڵاوبونەوەی دیاردەکان لە نێو بازنەکە بگاتە 68،27%، ئەوا مانای ئەوەیە، کە توخمەکانی دیاردەی ناوبراو بە شێوازێکی سروشتی دابەشبونە (داود، ٢٠١٢، ٢٢).

لە خشتەی (2)دا تێبینی ئەوە دەکرێت، ڕێژەی ئەو نشینگە دێهاتییانەی کەوتونەتە قەزای چۆمان دەکەونە بازنەیەکەوە یەکسانە بە یەک دووری پێوانەیی و بریتییە لە 53.9%، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزاکە، جۆرە تەرزێکی پەرتوبڵاوی لە دەوری خاڵی سەنتەری ناوەندییەوە لەخۆگرتوە. هەرچی قەزای خەباتیشە، ڕێژەی ئەو نشینگە دێهاتییانەی کەوتونەتە نێو بازنەیەکی یەکسان بە یەک دووری پێوانەیی، بریتییە لە 61.5%، ئەمەش مانای وایە نشینگە دێهاتییەکانی گردبونەوەیان بە دەوری خاڵی سەنتەری ناوەندییدا تاراددەیەک تۆپەڵتر و چڕترە، تەنانەت دابەشبونەکەی تاراددەیەک نزیکە لە دابەشبونێکی سروشتییەوە، چونکە لە ڕێژەی 68،27% نزیکبوەتەوە.

خشتەی (2)

بەهای ماوەی پێوانەیی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

نشینگه دێهاتییه‌کانی قەزا	دووری پێوانەیی(م)	ڕێژەی سەدی ئەو نشینگانەی کەوتونەتە نێو بازنەیەکی یەکسان بە یەک دووری پێوانەیی
نشینگەکانی قەزای چۆمان	١١١٣٠	٥٣،٩
نشینگەکانی قەزای خەبات	١٥٨٨٦	٦١،٥

سەرچاوە: بنکەی زانیاریيە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی دووری پێوانەیی بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8)

3 - 2: ئاراستەی دابەشبون

میکانیزمی پێوانەی ئاراستەی دابەشبون لەگەڵ دووری پێوانەیی هاوشێوەی یەکترن، تەنها جیاوازییەکەیان لەوە دایە کە بەشێوەیەکی هێلکەیی بە دیاردەکەون (ڕواندزی و هەنارەیی، ٢٠١٧، ٢٠٠). بەهەمان شێوەی دووری پێوانەیی، لە ئاراستەی دابەشبونیش ئەنجامەکان شانبەشانی نەخشە لەسەر شێوەی خشتە دەردەچن، لە خشتەی (3)، دەردەکەوێت، ئاراستەی بڵاوبونەوەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان لە باشوری ڕۆژهەڵات بەرەو باکوری ڕۆژئاوایە بە پلەی سوراڵەوەی 104،2 سەرەنجام ئەو شێوە هێلکەییەی کە وەریگرتوە دەوری 56،5%ی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکەی داوە، بەڵام ئاراستەی بڵاوبونەوەی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات، لە باشوری ڕۆژئاواوە بەرەو باکوری ڕۆژهەڵاتە، بە پلەی سوراڵەوەی 43،8، بەمەش لە لایەك سوراڵەوەی ئاراستەی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ئەم قەزایە بەراورد بە سوراڵەوەی ئاراستەی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای چۆمان کەمترە، لەلایەکی تریش، دابەشبونەکەی تاڕادەیەك سروشتیترە، کە بە جۆرێك شێوە هێلکەییەکەی دەوری 58،4%ی نشینگە دێهاتییەکانی داوە.

خشتەی (3)

ئاراستەی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە ناوچەی توێژینەوە

نشینگە دێهاتییەکانی قەزا	بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون (کم)		پلەی سوراڵەوە	ڕێژەی سەدی ئەو نشینگانەی کەوتوونەتە نێو شێوە هێلکەییەکەوە
	بەهای X	بەهای Y		
نشینگەکانی قەزای چۆمان	١٢،٥	٩،٤	١٠٤،٢	٥٦،٥
نشینگەکانی قەزای خەبات	٢٠	١٠	٤٣،٨	٥٨،٤

سەرچاوە: بنکەی زانیاریيە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی پێوەری ئاراستەی دابەشبون بەبەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8)

3 – 3: پێوەری نزیکترین دراوسێ Nearest Neighbor Analyses

نزیکترین دراوسێ[*] پێوەرێکی باوە کە لە زانستی جوگرافیادا بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بڵاوبونەوەی خاڵەکان لە دەوری یەکتر و دۆزینەوەی شێوازی گشتی ئەو بڵاوبونەوەیە لە دابەشبونە شوێنجێییەکاندا بەکاردێت، دواتریش تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە ئایا دابەشبونەکە جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکییە یان کۆبوەوەیە یاخود پەرشوبڵاوە؟ (کاکی و تالیب، ٢٠٢٢، ١٦)، جگە لەمانە هەندێك تەرزی تری لاوەکی هەن دەکەونە نێو تەرزە سەرەکییەکان. بەشێوەیەکی گشتی بەهای نزیکترین دراوسێ، لە نێوان سفر و2،150 دایە. هەروەك لە خشتەی (4)دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (4)

پۆلێنکردنی بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بەگوێرەی تەرزەکانی دابەشبون

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

بەهای نزیکترین دراوسێ	تەرزی دابەشبوون
٠،٠٠ - ٠،٠٩	کۆبووەوە
٠،١ - ٠،٤٩	لە یەکتر نزیکی هێشوویی
٠،٥٠ - ٠،٩٩	لە یەکتر نزیکی هەرەمەکی
١ - ١،١٩	هەرەمەکی
١،٢٠ - ٢،١٥٠	پەرشووبڵاو


سەرچاوە: الكبيسي، احمد محمد جهاد، خرائط التحليل المكاني للمستوطنات الريفية و التنمية الزراعية في ناحية الصقلاوية باستخدام التقنيات الجغرافية، مجلة العميد، مجلد (13)، عدد 50، الانبار، ٢٠٢٤، ص ١٢٨

بەجێبەجێکردنی ئەم شیکردنەوەیە چەندین زانیاری و شێوەی ڕونکردنەوەیی بەدەستدێت، کە لە شێوەکانی (1 و 2) و خشتەی (5)دا پیشان دراون، بە تێبینیکردنی داتایەکانیان بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهای پلەی پێوانەیی Z-Score بۆ دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە نێو قەزای چۆمان دەگاتە -6،21، واتە کەوتۆتە دەرەوەی چوارچێوەی بەهای تەنگژەییەوە Critical Value (-2،58 - +2،58)، هەروەها بەهای P-Valueی یەکسانە بە سفر، بەمەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە، کە پێیوایە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان تەرزێکی تەنها هەرەمەکییە و بە ڕێکەوت و چانس دابەشبوە و ئەستەمە شیکردنەوە و ڕاڤەیان بۆ بکرێت، هاوکات گریمانەی جێگرەوە پەسەند دەکرێت، کە پێیوایە نشینگەدێهاتییەکان لە قەزای ناوبراو بەگوێرەی تەرزێکی دیاریکراو دابەشبونە بەکاریگەری چەندین هۆکار، کە دورە لە ڕێکەوت و چانسەوە، لەبەرئەوەی بەهای شیکردنەوەی نزیکترین دراوسێ لە قەزای چۆمان دەگاتە 0.69، ئەوا تەرزی دابەشبونەکە جۆرە تەرزێکی لە یەکترنزیکی هەرەمەکی Clustered لەخۆگرتوە، ئەمەش بۆ ئاراستەکانی تۆڕی ڕێگاکان و دیاردەی تۆپۆگرافیا و سروشتی دابەشبونی سەرچاوە ئاوییەکانی نێو دەفەرەکە دەگەڕێتەوە. سەبارەت بە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات، جۆرە تەرزێکی پەرشوبڵاوی هەرەمەکی Random لەخۆگرتوە، بەبەڵگەی ئەوەی بەهای هاوکۆڵکەی نزیکترین دراوسێی دەگاتە 1،09، بۆیە لە هەندێ شوێندا نشینگەدێهاتییەکانیان لە یەکترنزیکن و لە هەندێ شوێنیتردا لە یەکتر دورن، بە جۆرێك دوریی نێوان نشینگەکانیان ڕێك و پێك نین، ئەمەش پەیوەستە بە تەختایی سەر ڕوی زەوی قەزاکە، کە بەشێوەیەکی بەرچاو گونجاوە بۆ نیشتەجێبون لە هەمو لایەك، لە پاڵیشیدا نەبونی پلانێکی مەرکەزی تۆکمە و هەروەها سروشتی زەوییە کشتوکاڵییەکان و کاریگەریی دابەشبونی جوگرافی هۆزەکان، لەبەرئەوەی بەهای پلەی پێوانەیی نشینگەدێهاتییەکان لە قەزاکە دەگاتە 1،42، کەواتە کەوتۆتە ناوەوەی چوارچێوەی بەهای تەنگژەییەوە، ئەوا گریمانەی سفری تێدا پەسەند دەکەین، کە پێیوایە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات، جۆرە تەرزێکی هەرەمەکییە و بە ڕێکەوت و چانس دابەشبوە، هاوکات گریمانەی جێگرەوە ڕەتدەکەینەوە، کە پێی وایە نشینگە دێهاتییەکانی ئەم قەزایە بەگوێرەی جۆرە تەرزێکی دیاریکراو دابەشبونە، بە کاریگەری چەندین هۆکار کە دورە لە ڕێکەوت و هەرەمەکییەوە، بە بەڵگەی ئەوەی بەهای P -Valueی یەکسانە بە 0.15، خشتەی (5).

شێوەی (1)
بەهای نزیکترین دراوسێی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان

شێوەی (2)
بەهای نزیکترین دراوسێی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website



سەرچاوە: بنکەی زانیاریيە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی پێوەری نزیکترین دراوسێ بەبەکارهێنانی بەرنامەی(ARC GIS 10.8)

خشتەی (5)

بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە

نشینگە دێهاتییەکانی قەزا	ناوەندی دووریی هەژمارکراو(م)	ناوەندی دووریی چاوەڕوانکراو(م)	بەهای نزیکترین دراوسێ	بەهای (Z)	بەهای (P)
نشینگەکانی قەزای چۆمان	٩٧٠،٦١٤	١٣٩٢،٧٤٨	٠،٦٩	٦،٢١-	٠،٠٠٠
نشینگەکانی قەزای خەبات	١٧٣٦،٨٢١	١٥٩١،٨٤٩	١،٠٩	١،٤٢	٠،١٥

سەرچاوە: بنکەی زانیاریيە بەدەستهاتوەکان لە جێبەجێکردنی پێوەری نزیکترین دراوسێ لە چوارچێوەی بەرنامەی (ARC GIS 10.8)

4- کاریگەری هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان لەسەر تەرزی دابەشبوونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە

4– 1 : هۆکارە سروشتییەکان

4– 1 – 1: بەرزی و نزمی

بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی کاریگەریی فاکتەرە بەرزی و نزمییەکان، توێژینەوەکە پشتی بە دروستکردنی نەخشەی ئاستەکانی بەرزی و نزمی بەستوە، هەروەك لە نەخشەکانی (4 و 5)دا ڕونکراوەتەوە، بە بەکارهێنانی نەخشەی مۆدێلی بەرزی و نزمی ژمارەیی - DEM خاوەن پلەی ڕوونی 12.5 مەتر (ASF DAAC ,2014, accessed August 12, 2026)، هەروەها بە بەکارهێنانی ئامرازی (Extract Multi Values to Points) لە نێو ئامرازەکانی (Spatial Analyst tools)ی بەرنامەی (ARC GIS)، بەزری و نزمی پێگەی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە دەستنیشانکرا، کە ئەنجامەکەشی لە خشتەی (6)دا نیشاندراوە.

سەبارەت بە قەزای چۆمان لە ڕوی بەرزی ڕوی زەوییەکەی لە ئاستی ڕوی دەریاوە، دەکەوێتە ناوچەی چیا پێچئاڵۆزەکان، بەسەختترین ناوچەی بەرزی ونزمی لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستانی عیراقیش دادەنرێت، بەجۆرێك ئاستەکەی لە نێوان کەمتر لە 750 بۆ زیاتر لە 2500 مەتر دایە، ئەم دیاردەیەش تا لە ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوا بەرەو بەشەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین، ئەوا بەرزاییەکەی ڕو لە زیادی دەکات، هەروەك لە چیاکانی بەندوراز و سەری سەکران و کونەکۆتر لە بەشەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵات، هەریەك لە زنجیرە چیاکانی حەسارۆست (کە لوتکەی هەڵگوردی لەخۆگرتوە) و کێلەشین لە بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و هەروەها چەندانی تر. لە پاڵیشیدا چەندین دۆڵی درێژ هەن کە کەوتونەتە نێو ئەو زنجیرە چیایانەوە وەك دۆڵەکانی: ڕۆستێ لە بەشەکانی ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوا و باڵەیان لە بەشەکانی باشور، هەروەها دۆڵەکانی ناوەندە و دواتریش دۆڵی سەکران لە بەشەکانی تارادەیەك لە ناوەڕاست.

شایەنی گوتنە، ئەو ناوچانەی بەرزییان کەمتر لە 750 مەتر و یاخود زیاتر لە 2500مەتر دایە، هیچ نشینگەیەکی دێهاتیی و ژمارەی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکەیان لەخۆنەگرتوە، ئەو بەشەی کە بەرزایی زەوییەکەی لە نێوان 750 - 1000 مەتر دایە، 16 نشینگە دێهاتیی کە دەگاتە لە 13،9%ی کۆی نشینگەکان و 2014 کەس کە دەگاتە لە 14،8%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکە دەگرنەخۆ، بەڵام ئەو ناوچانەی کە بەرزییان لە نێوان 1001 – 1250 مەتر دایە، ئەوا بەرزترین ڕێژەی نشینگە و دانیشتوانی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website


نشینگە دێهاتییەکانیان پێکهێناوە، بەجۆرێك 35 نشینگە کە بەڕێژەی 30،4%ی کۆی نشینگەکان و 5008 کەسیش کە لە 36،7%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکەیان لە خۆگرتوە، هەرچی لە نێوان 1251 – 1500 مەترە، 28 نشینگە دێهاتی کە لە 24،4%ی کۆی نشینگەکان و هەروەها 3102 کەس کە بەڕێژەی 22،7%ی دانیشتوانەکە لە خۆدەگرن، لە بەرامبەردا ئەو زەویانەی کە لە نێوان 1501 – 2000 مەترە، 34 نشینگە کە لە 29،6%ی کۆی نشینگەکان و لەپالیشیدا 3445 کەس بە 25،2%ی دێهاتنشینانی قەزاکەیان پێکهێناوە، هەرچی ئاستی بەرزی 2001 – 2500 مەترە، ئەوا (2) نشینگە دێهاتی و لە 1،7%ی کۆی نشینگەکان و 75 کەس کە تەنها لە 0،6%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە دەگرنەخۆیان.

بەپێی ئەو بنەمایە، یەکە تۆپۆگرافییەکان بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دیاریکردنی تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە دادەنرێن، لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان بەرزی لە ئاست ڕوی دەریا و دابەشبون و قەبارەی نشینگە دێهاتییەکاندا بەرچاودەکەوێت، هەرچەندە ڕوەو باشور و باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات هەڵکشێین، کە بەرزیان لە ئاستی ڕوی دەریاوە زیاترە، ئەوا نشینگە دێهاتییەکانیان بە هۆی سنورداری زەوییەکانییانەوە یان نامینێن، یاخود قەبارەیان بچوکتر دەبێت و ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوان لەخۆدەگرن، بۆیە ناچارن ڕو لە دەشتە بچوکەکانی نێو دۆڵی چیاکان بکەن، کە تاڕادەیەك ئاستی ڕوی زەوییەکانیان نزمە و بۆ نیشتەجێبونەکەیان گونجاوترە، بەمجۆرە دابەشبونەکە لە ئاست نشینگەکانی قەزاکەدا، جۆرە تەرزێکی لەیەکتر نزیکی هەڕەمەکی لەخۆ دەگرن.

لەلایەکی دیکەدا، نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات دەکەونە دەڤەرێك کە سیمایەکی تەخت و کەملێژیی پێوە دیارە و دەکەوێتە نێو دەشتێکی ئاسایی کە بە دەشتی هەولێر ناسراوە، بۆیە لەنێو پانتایی ئەو دەشتەدا، چەندین دۆڵی تێدا هەڵکەوتوە وەك، دۆڵەکانی: گردەڕەش و بەرحوشتر، هاوکات بانی دەمیرداغیشی تێدایە کە بەرزاییەکەی دەگاتە 504 مەتر (سلیم، ٢٠٢١، ٣٩). بە پشتبەستن بەداتاکانی خوارەوە دەگەینە ئەو ڕایەی، کە قەزای خەبات لە ڕوی بەرزی لە ئاست ڕوی دەریاوە لە نێوان کەمتر لە 250 بۆ زیاتر لە 750 مەتر دایە، بەجۆرێك پێگەی هەرە بەرزاییەکانی دەکەونە بەشەکانی باکور و باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە. گوێرەی ئەو پێوەرە، ئەو ناوچانەی کە بەرزی زەوییەکانیان کەمتر لە 250 مەتر و یاخود زیاتر لە 750 مەتر دایە، ئەوا هیچ نشینگە دێهاتییەك و دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکەیان لە خۆنەگرتوە، چونکە ڕوبەرێکی ئێجگار کەمیان لە قەزاکەدا داگیرکردوە، لەبەرامبەردا ئەو بەشانەی کە بەرزایی زەوییەکانیان لە نێوان 250 - 500 مەتر دایە، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندێتی ڕوی زەوییەکانیان، سیمایەکی تەخت و کەملێژییە، ئەوا 59 نشینگە دێهاتی کە بەرێژەی 90.8%ی کۆی نشینگەکان و لە پالیشیدا 36501 کەس کە لە 90،7%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکە دەگرنەخۆ، کە جێگای ئاماژە پێکردنە بە بەرزترین ڕێژەی نشینگەی دێهاتی و دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکە دادەنرێن، هەرچی لە نێوان 501 - 750 مەترە، ئەوا (6) نشینگە دێهاتی کە لە 9،2%ی کۆی نشینگەکان و هەروەها 3762 کەس،کە بە ڕێژەی 9،3%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکە لەخۆدەگرن. وەك لە خشتەی (6) دا دیارە.


RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

نەخشەی (4)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای چۆمان بەگوێرەی بەرزی ونزمی



سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بە پشتبەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، 2026

نەخشەی (5)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای خەبات بەگوێرەی بەرزی ونزمی



سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8)بە پشتبەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، 2026

لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیانەی پێشو، ئەو ناوچانەی کە زەویپەکانیان لە ئاست ڕوی دەریاوە نزمە، هاوکات سیمایەکی دەشتاییان لە نێو قەزاکەدا پێوەدیارە، ئەوا دابەشبونی نشینگەکانیان بەهۆی کەمسەختی ڕوی زەویپەکەیان و نەبونی هەر بەربەستێکی سروشتی بۆ هەر جۆرە مەبەستێك، بۆتە مەیدانێکی فراوان تاکو بەشێوازێکی ڕێکەوت و سەربەخۆ دابەشبن و لە ئەنجامدا دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانیان زیاتر جۆرە تەرزێکی هەرەمەکی لەخۆ بگرن.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

خشتەی (6)

دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان و ژمارەی دانیشتوانیان بەگوێرەی ئاستەکانی بەرزی و نزمی لە ناوچەی توێژینەوە

قەزا	ئاستەکان (م)	ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان	%	ژمارەی دانیشتوان	%
قەزای چۆمان	٧٥٠ - ١٠٠٠	١٦	١٣،٩	٢٠١٤	١٤،٨
	١٠٠١ - ١٢٥٠	٣٥	٣٠،٤	٥٠٠٨	٣٦،٧
	١٢٥١ - ١٥٠٠	٢٨	٢٤،٤	٣١٠٢	٢٢،٧
	١٥٠١ - ٢٠٠٠	٣٤	٢٩،٦	٣٤٤٥	٢٥،٢
	٢٠٠١ - ٢٥٠٠	٢	١،٧	٧٥	٠،٦
	کۆی گشتی	١١٥	١٠٠	١٣٦٤٤	١٠٠
قەزای خەبات	٢٥٠ – ٥٠٠	٥٩	٩٠،٨	٣٦٥٠١	٩٠،٧
	٥٠١ – ٧٥٠	٦	٩،٢	٣٧٦٢	٩،٣
	کۆی گشتی	٦٥	١٠٠	٤٠٢٦٣	١٠٠

سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8)بەپشتبەستن بە:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

2 - حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

4– 1 – 2: ئاووهەوا

ڕەگەزەکانی ئاووهەوا بە کاریگەرییەکی گرنگی تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان دادەنرێن، چونکە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان زیادبونی مەترسییەکانی کەشوهەوا و ڕێژەی دێهاتنشینەکاندا هەیە، بۆیە دێهاتنشینان وەک دیاردەیەک سەیری دەکەن، کە بەهۆیەوە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ نشینگەکان کە بەسەر یەک جۆرە تەرزدا نەمێننەوە (Atkinson & Atkinson, 2023, 2).

ناوچەی توێژینەوە بە پێی پۆلێنکاریی کۆپن، دەکەوێتە نێو دو هەرێمی ئاووهەوای سەرەکی، یەکێکیان هەرێمی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە کە هاوینی گەرم و وشک و زستانەکەی سارد و باراناوییە(Csa) لە قەزای چۆمان، ئەویتریشیان دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای ئەستێپسی گەرم (Bsh)، کە پلەی گەرماکەی لەهاویندا بەرز و لە زستانیشدا نزمە لە قەزای خەبات (مجید، ٢٠٢٤، ٦٧).

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی گرنگترین ڕەگەزەکانی ئاووهەوا کە پلەکانی گەرما و دابارین دەگرێتەوە، وەک لە خشتەی (7)دا دەردەکەوێت، لە قەزای چۆمان تێکڕای گەرمی ساڵانەکەی 15.9 پلەی سەدی بوە، تێکڕای بەرزترین پلەکانی گەرمی لە مانگەکانی تەممووز و ئابدایە کە بۆ هەریەکەیان 28،5 پلەی سەدی و ساردترین مانگیشی لە کانونی دووەمە کە 3،4 پلەی سەدی بوە، وێڕای ئەمەش لە ئەنجامی سەرکێشی ڕوی زەوییەکەی کە دەکەوێتە ناوچەی چیا پێچڕاڵوزەکان، کاریگەرییەکەی لەمەڕ تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە ناوچەیەکی کورت مەودا بۆ ناوچەیەکی کورت مەودای تر دەگۆڕێت، جگەلەمەش هەرچەندە لە بەشەکانی ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاواوە بەرەو باشور و باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵات بڕۆین، ئەوا بەرزاییەکەی زیاتر دەکات، بەمەش نزمبونەوەی پلەی گەرماکەی لە وەرزی زستاندا بۆ کەمتر لە سفری سەدی و سەرەڕای هەڵکردنی بای ساردیش، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دەرخستنی تەرزی دابەشبونەکەدا هەبوە، بەجۆرێک دێهاتنشینان، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، بۆ نیشتەجێبونیان لە نێو ناوچە بەرزاییەکاندا خۆیان بەدوردەگرن، هاوکات دۆڵ و پێدەشتی چیاکان وەک شوێنێکی گونجاو هەڵدەبژێرن، کە ئەمەش دەکەوێتە بەشەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە، کە بەهۆیەوە ڕەوشی ئاووهەواکەی تێدا تارادەیەک گونجاوترە و سەرەڕای ئەمەش زەوییە کشتوکاڵییەکانیان لەپاڵ خۆیاندا دەمێننەوە، بەمەش پەنا بۆ دروستکردنی نشینگەیەکی وەک تەرزی لە یەکترنزیکی هەڕەمەکی دەبەن لە دەڤەرەکەدا.

لەبەرامبەردا تێکڕای گەرمی ساڵانەکەی قەزای خەبات 20،8 پلەی سەدی بوە، هەروەها پلە گەرمییەکەی بەجۆرێک بەرزبۆتەوە، کە تێکڕای بەرزترینی لە مانگی ئابدایە کە 35،2 پلەی سەدی بوە، نزمترینیشی لە مانگی کانونی دووەمدایە کە 7،7 پلەی سەدی بوە. سەرەڕای ئەمەش گەرماکەی هەندێ جار بەرزبۆتەوە بۆ 47 پلەی سەدی و زیاتریش (بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، ٢٠٢٦)، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بارودۆخەی کە لە گەرماکەدا هەیە کاریگەرییەکەی ناڕاستەوخۆیە، بەجۆرێک کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دابەشبونەکە نابێت، بۆیە ئەم بارودۆخە وایکردوە کە دابەشبونەکە شێوە تەرزێکی هەڕەمەکی لە خۆبگرێت.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

هەرچی ڕەگەزی بارانە، کاریگەرییەکەی لەسەر تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکاندا بەرچاوترە، چونکە بەپلەیەکی سەرەکی کار دەکاتە سەر بارودۆخی کشتوکاڵ، هەروەك لە قەزای چۆمان، بڕی بارانی ساڵانەکەی وەرزییە و لە ماوەی ساڵانی (2015- 2023)دا 824،3 ملم بوە، کەواتە دەکەوێتە نێو هەرێمی بارانی مسۆگەر کە بڕەکەی لە 500 ملم کەمتر نییە، ئەم بڕە بارانەش کە هەیە فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە چالاکییەکی کشتوکاڵی لە دەڤەرەکەدا، بۆیە بەهۆی بونی سەرچاوەی ئاوی بەردەست، ئەوا نشینگە دێهاتییەکان لە یەکترنزیك دەبنەوە و بە جۆرە تەرزێکی لەیەکترنزیکی هەڕەمەکی دابەش دەبن.

خشتەی (7)

پلەی گەرما و بڕی باران لە ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی 2015 - 2023

قەزا	چۆمان		خەبات	
ڕەگەزەکان / مانگ	پلەی گەرما (س°)	باران (ملم)	پلەی گەرما (س°)	باران (ملم)
کانوونی دووەم	٣،٤	١٢٢،٨	٧،٧	٥٨،٦
شوبات	٥،٥	١٢١،٧	١٠،٣	٤٠،٧
ئازار	٨،٨	١٣٦	١٣،٥	٦٦،٥
نیسان	١٣،٩	٩٢،٩	١٨،٣	٤٩،٧
مایس	١٩،٣	٤٥،٨	٢٣،٨	١٠،٦
حوزەیران	٢٥،٤	٠،٦	٢٩،٤	-
تەموز	٢٨،٥	-	٣٤،٥	-
ئاب	٢٨،٥	-	٣٥،٢	-
ئەیلول	٢٤،٥	٧،٣	٣٠،٣	١،٤
تشرینی یەکەم	١٧،٩	٥٤،٦	٢٣	١١،٦
تشرینی دووەم	١٠	١٠٨،٨	١٤،٨	٤٦،٥
کانوونی یەکەم	٦	١٣٣،٨	٩،٩	٧٠،٣
تێکڕا	١٥،٩	٨٢٤،٣	٢٠،٨	٣٥٥،٩

سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشتبەستن بە:

1 -حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، هۆبەی کەشناسی کشتوکاڵی، چۆمان، ٢٠٢٦

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی کەشناسی کشتوکاڵی، هەولێر، ٢٠٢٦

سەرەڕای ئەمەش دەڤەرەکە ساڵانە بڕێکی بەرچاو، بەفری لێدەبارێت کە لە هەندێ ساڵدا دەگاتە سەروی 70سم (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، ٢٠٢٦)، ئەم دیاردەیەش زیاتر لە بەشەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە بەرچاو دەکەوێت، کە بەجۆرێك زۆربەی بەشەکانی ئەو ناوچانە چیا بەرزەکانن، بۆیە بە هۆی سەختی بارودۆخی ئاووهەوای ئەو ناوچانەوە، دێهاتنشینان بۆ نیشتەجێبونیان بە ناچاری ڕو لە پێدەشت و دۆڵی نێو چیاکان دەکەن کە لەو شوێنانەدا ئاووهەوایەکی گونجاوتری هەیە، بەمەش نشینگە دێهاتییەکانیان، جۆرە تەرزێکی لەیەکترنزیکی هەڕەمەکی لەخۆدەگرن.

هەرچی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەباتە، بڕە بەفرێکی ئەوتۆی لێنابارێت کە جێگای ئاماژەکردن بێت، بەڵام سەبارەت بە بڕە بارانەکەی کە وەرزییە، بڕی ساڵانەکەی 355،9ملم بوە، بەم بنەمایەش دەکەوێتە نێو هەرێمی بارانی نامسۆگەر کە بارانەکەی لە 500ملم کەمترە، بەمەش زۆرجار بەهۆی ڕاڕایی باران و وشکە ساڵیەوە، بەروبومە کشتوکاڵییە دێمییەکان لە لایەك و بەروبومە ئاژەڵییەکان لە لایەکی دیکەوە دوچاری گیروگرفت بونەتەوە، بۆیە بۆ مەبەستی ئاودێریکردن پشت بە سەرچاوەی دیکە وەك بیر و

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ڕووبارەکان دەبەستن، کە بەجۆرێك لە هەندێك شوێندا نشینگە دێهاتییەکان لە قەراغی زێی گەورە ئۆقرەیان گرتوە و جۆرە تەرزێکی درێژکۆڵەیی لاوەکییان وەرگرتوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی نەبونی بڕە بارانێکی ئەوتۆ بۆ مەبەستی ئەنجامدانی هەرجۆرە چالاکییەك و کشتوکاڵکردنیش، نشینگە دێهاتییەکان بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەر جۆرە سەرچاوە ئاوییەکی دیکە، ئەوا پشتیان بە ئاوی ژێرزەوییەوە بەستوە و کە لە هەمو شوێنەکانی قەزاکەدا بەردەست بوە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی لێکەوتۆتەوە، هەروەك لە بابەتی دەرامەتی ئاودا ئاماژەی پێدەکەین.

4 – 1 – 3: دەرامەتی ئاو


ناوچەی توێژینەوە دەڤەرێکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو بەهەر دو جۆری سەرزەوی و ژێرزەوییەوە، ئینجا بەمەبەستی دەرخستنی پەیوەندی شوێنیی نێوان دەرامەتی ئاوی سەرزەوی و چۆنیەتی ڕێکخستنی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە، هەوڵدرا چەند پشتێنەیەك بە دوری 500 بۆ زیاتر لە 1500 مەتر لە دەوری ڕووبارەکان دروستبکرێت بە بەکارهێنانی ئامرازی Euclidean Distance لەنێو ئامرازەکانی Spatial Analyst Tools، هەروەك لە نەخشەکانی (6 و 7)دا ڕونکراوەتەوە. پاشان بە بەکارهێنانی ئامرازی Extract Multi Values to Points پەیوەندی نێوان ئەو پشتێنانە و نشینگە دێهاتییەکان دەرخران، وەك لە (خشتەی 8)دا پیشاندراوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە قەزای چۆمان ئەو نشینگانەی دەکەونە نێو پشتێنەی ڕووبار کە مەوداکەیان کەمترە لە 500 مەتر، ئەوا لە 30،4%ی نشینگەکان و لە 41،3%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە دەگرنەخۆ، ئەو بەشەی کە لە نێو پشتێنەی 500 – 1500 مەتر دان، لە 21،8 %ی کۆی نشینگەکان و لە 17،7%ی دێهاتنشینانی قەزاکە لەخۆدەگرن، لەبەرامبەردا ئەوانەی لە پشتێنەی زیاتر لە 1500 مەتر دان، لە 47،8%ی نشینگە و لە 41%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە پێکدەهێنن.

لێرەدا هەریەك لە ڕووبارەکانی چۆمان، ڕێزانۆك، گوندەژور، گەلەژێر، حاجی ئۆمەران، ماونان و سمێلان کە سەر بە ئاوزێڵی باڵەکن، وەك گرنگترین سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی دەڤەرەکەن، کاریگەریەکی بەرچاویان لە جۆرە تەرزێکی لەیەکتر نزیکی هەڕەمەکی نێو نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆماندا هەبوە، بەجۆرێك لە بەشێکی بەرچاوی دەڤەرەکە، چڕبونەوەی دێهاتەکان و بونی ڕووبارەکان پەیوەستن بەیەکەوە، سەرەنجام نشینگە دێهاتییەکان بەمەبەستی سودوەرگرتن بۆ ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی کشتوکاڵی لە قەراغی ڕووبارەکاندا ئۆقرەیان گرتوە، بەتایبەتی لە بەشەکانی ئەوپەڕی ناوەڕاست بە ئاراستەی باکور و هەروەها باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە، کە تاڕادەیەك جۆرە تەرزێکی لەیەکتر نزیکی درێژکۆڵەی لاوەکییان لەخۆگرتوە.

هەرچی قەزای خەباتە، نشینگە دێهاتییەکانی دەکەونە نێو ئاوزێڵی زێی گەورە، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی سەرزەوی دەڤەرەکەیە و ڕووبارێکی هەمیشەییە و تاڕادەیەك کاریگەری لە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکەدا هەبوە، بەجۆرێك ئەو نشینگانەی دەکەونە نێو پشتێنەی ڕووبار کە مەوداکەیان کەمتر لە 500 مەترە، ئەوا لە 16.9%ی نشینگەکان و لە 7،7%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکە دەگرنەخۆ، ئەو بەشەی کە لە نێو پشتێنەی 500 – 1500 مەتر دان، لە 15،4 %ی کۆی نشینگەکان و لە 24،1%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکە لەخۆدەگرن، لە بەرامبەردا ئەوانەی لە نێو پشتێنەی زیاتر لە 1500 مەتر دان، لە 67،7%ی نشینگەکان و لە 68،2%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکەیان پێکهێناوە، کەواتە بەپێی پێوەرەکە، هەندێك لە نشینگە دێهاتییەکان لە قەراغی


RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

نەخشەی (6)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای چۆمان بەگوێرەی ئاوی سەرزەوی



سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بەپشتبەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

نەخشەی (7)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای خەبات بەگوێرەی ئاوی سەرزەوی



سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بەپشتبەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

خشتەی (8)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان و ژمارەی دانیشتوانیان بەگوێرەی پشتێنەی ڕوبار لە ناوچەی توێژینەوە

قەزا	پشتێنەی ڕووبار (م)	ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان	%	ژمارەی دانیشتوان	%
قەزای چۆمان	کەمتر لە ٥٠٠	٣٥	٣٠،٤	٥٦٣٣	٤١،٣
	١٥٠٠ - ٥٠٠	٢٥	٢١،٨	٢٤١٤	١٧،٧
	زیاتر لە ١٥٠٠	٥٥	٤٧،٨	٥٥٩٧	٤١
	کۆی گشتی	١١٥	١٠٠	١٣٦٤٤	١٠٠
قەزای خەبات	کەمتر لە ٥٠٠	١١	١٦،٩	٣١١٠	٧،٧
	١٥٠٠ - ٥٠٠	١٠	١٥،٤	٩٦٩٥	٢٤،١
	زیاتر لە ١٥٠٠	٤٤	٦٧،٧	٢٧٤٥٨	٦٨،٢
	کۆی گشتی	٦٥	١٠٠	٤٠٢٦٣	١٠٠

سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بە پشتبەستن بە:
1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦
2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

زێ گەورە ئۆقرەیان گرتوە، بەجۆرێك لە ئەنجامی جیاوازی دێهاتنشینان و پێگەی نشینگەکان، بەهۆی کاریگەری مۆرفۆلۆژیەتی ڕوبارەکە، دابەشبونی نشینگەکان جۆرە تەرزێکی درێژکۆڵەی هەڕەمەکی لاوەکییان وەرگرتوە.
سەبارەت بە ئاوی ژێرزەوی، لە ناوچەی توێژینەوە بە شێوەی جیاجیا کاریگەریان لەسەر تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکاندا هەبوە، بەجۆرێك قەزای چۆمان لە ئەنجامی نزیکی نشینگە دێهاتییەکانیان لە ڕوبارەکەندا، بە شێوەیەکی سنوردار پشتیان بە ئاوی

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

ژێرزەوییەوە بەستوە، بەشێوەیەك لە کۆی 115 نشینگە تەنها (8) دانەیان کە دەکاتە 6،9%ی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە پشت بە ئاوی بیرەکانەوە دەبەستن (فەرمانگەی ئاوی دەوروبەری هەولێر، ٢٠٢٦)، بۆیە بە نزیکبونەوەیان لە قەراغی ڕوبارەکاندا دابەشبونی نشینگە دێهاتەکان، جۆرە تەرزێکی نزیك لەیەکتری هەڕەمەکی و تاڕادەیەك شێوەیەکی درێژکۆلەییان لەخۆگرتوە.

هاوکات لە نێو نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەباتدا، بەهۆی بڵاوبونەوەی چەندین جۆری بیرەکان بەتایبەتیش جۆری بیری ئاو، بەشێوازێکی تاکەکەسی و بۆ مەبەستی سودوەرگرتن بۆ خواردنەوەو بەکارهێنانی ماڵ و هەر جۆرە مەبەستێکی دیکە، ئەوا بەشێکی بەرچاوی ئەو نشینگانەی کە دورن لە قەراغی زێ گەورە، بەهۆی بێپلانی بڵاوبونەوەی بیرەکان و دەوڵەمەندی قەزاکە بە ئاوی ژێرزەوی، بە جۆرێك لە کۆی 65 نشینگە 127 دانەیان بیری ئاویان تێدا هەیە (فەرمانگەی ئاوی دەوروبەری هەولێر، ٢٠٢٦)، ئەمەش وایکردوە لە سەرتاپای ناوچەکە لە نزیك بیرەکاندا ئۆقرەبگرن و دواتریش بەشێوەیەکی گشتی نشینگەکان، بە جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی دابەشبن.

4– 2: هۆکارە مرۆییەکان

4– 2 – 1: هۆکارە ئابورییەکان

4 – 2 – 1 – 1: چالاکی کشتوکاڵ

ئەگەر بەراوردێك لە نێوان هەر یەك لە نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان و خەباتدا بکەین، دەگەینە ئەو ڕایەی کە قەزای چۆمان هەرچەندە نشینگەکانی کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی سەختەوە کە چەندین دۆڵی تێدا هەڵکەوتوە، کە ئەمانە پاڵنەرێك بونە کە چالاکییە ئابورییەکان لە نێو دەڤەرەکەدا جۆراوجۆر بن، جگەلەوەش بەشێك لە دێهاتنشینەکان بەهۆی زۆری لەوەڕگا سروشتییەکانیان لە نێو قەدپاڵی چیاکاندا، لە پاڵ کشتوکاڵکردندا بە کاری ئاژەڵداریش خەریکن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی کشتوکاڵکردن چالاکیی ئابوری گوندنشینانە لە نێو هەرێمە چیاییەکاندا (محمد و ئیسماعیل، ٢٠١٥، ١٣٥). بۆیە لەزۆربەی نشینگە دێهاتییەکانی نێو پێدەشتی چیاکاندا، تەرزی کشتوکاڵی دێمەکاری، لە جۆری دانەوێڵەی گەنم و جۆ و چەند جۆرە باغێکی سەوزە و میوەی سنورداری تێدا زاڵە، کە بۆ ئاودێری کردن پشت بە ئاوی باران دەبەستن، بەڵام لەئەنجامی کەمی پانتایی زەوییەکان و پچڕپچڕبونی زەوییە کشتوکاڵییەکان، وایانکردوە ئاڕاستەی دابەشبونی هەرە زۆری نشینگە دێهاتییەکان بەرەو بەشەکانی ناوەڕاست و باشوری ڕۆژئاوای قەزاکە بڕوات و لە پاڵ یەکتردا، جۆرە تەرزێکی نزیك لەیەکتری هەڕەمەکی نیشان بدەن.

هاوکات لە نێو نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات، بەهۆی تایبەتمەندێتی ڕوی زەوییەکەوە کە شێوازێکی تەختایی و کەملێژێتی تێدا زاڵە، ڕوبەری چێندراوی کشتوکاڵی بە هەردو جۆری بەروبومە وەرزی و هەمیشەییەکان لەم ناوچەیەدا بەرچاوەکەوێت، ئەمەش بۆ بونی بڕە بارانێکی تاڕادەیەك گونجاو دەگەڕێتەوە، کە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە چالاکییەکی کشتوکاڵ لە ناوچەکەدا (محمود، ٢٠٢٥، ٧٤). هەروەها بونی کشتوکاڵی ئاودێری وەك زۆرێك لە هەمەجۆرپی بەروبومەکان، پشتبەستە بە ئاوی زێ گەورە و پرۆژەی بیرەکان، وێڕای ئەمەش لەئەنجامی بارودۆخێکی سروشتی لەبار و فراوانی زەوی کشتوکاڵی و بونی مۆلکداریەتی کشتوکاڵی و مافی بەکارهێنانی زەوی بەشێوەیەکی ڕەها لەلایەن وەرزێرەکانەوە، ئەمانە وایانکردوە دێهاتنشینەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و سەربەخۆ لە ناوەڕاستی دەشتە بەپیتە کشتوکاڵییەکان ئۆقرەبگرن و کاربکەنە سەر ئەوەی کە نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە، جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی زیاتری تێدا زاڵ بێت.

4 -2 – 1- 2: ڕێگاکانی هاتوچۆ


ڕێگاکانی هاتوچۆ، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکاندا بینیوە، لەبەرئەوەی پەیوەست بوە بەچالاکی ئابوری و ئاستی بژێوی دێهاتنشینان، بۆیە ئەو ناوچانەی کە تۆڕەکانی گواستنەوەیان تێدا فەراهەم کراوە، بەناوەندێکی سەرەکی نیشتەجێبون و پەرەپێدانی ئابوری دادەنرێن.

ناوچەی توێژینەوە، جگەلەوەی کە کۆمەڵێکی بەرچاوی ڕێگای نێو نشینگە دێهاتییەکانی لە جۆری ڕێگای خۆڵین، لەهەمانکاتیشدا بە کۆمەڵێك ڕێگای هاتوچۆی قیرتاوکراو بە ناوچە جیاجیاکانییەوە بەستراونەتەوە، بەتایبەتی لە قەزای چۆمان کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی (هەولێر - حاجی ئۆمەران)، کە بە ڕێگای هاملتۆن ناسراوە، کاریگەری لەسەر تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانیدا هەبوە، چونکە بەهۆی ئەو ڕێگایەوە دێهاتنشینان بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بۆ شارەکان گواستۆتەوە، بەتایبەتیش بۆ شارەکانی چۆمان و سۆران (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، بەشی زەوی و زار، ٢٠٢٦)، ئەمەش پەیوەست بونی خەڵکەکەی بۆ نیشتەجێبون لە دێهاتەکان نیشانداوە، بەجۆرێك وایانکردوە دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە ئەنجامی بونی ئەو ڕێگایەوە، جۆرە تەرزێکی درێژکۆلەیی لاوەکی و نزیك لەیەکتری هەڕەمەکی نیشان بدەن. ئینجا بە مەبەستی زانینی پەیوەندی نێوان ڕێگای هاتوچۆ و دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان، بە هەمان شێوەی پێشو، چەند پشتێنەیەك بەهەمان دوری و هەمان ئامرازەکان دروستکران، هەروەك لە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website


نەخشەکانی (8 و 9) و خشتەی (9)دا پیشان دراون، تیایاندا ئەوە ڕوونەبێتەوە، کە ئەو نشینگانەی قەزای چۆمان دەکەونە نێو پشتێنەی ڕێگای هاتوچۆ کە مەوداکەیان کەمتر لە 500 مەترە، ئەوا لە 59،1%ی نشینگەکان و لەبەرامبەریشدا لە 70،1%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە دەگرنەخۆ، ئەو بەشەی کە لە نێو پشتێنەی 500 – 1500 مەتر دایە، لە 19،1%ی نشینگەکان و لە 13،1%ی دێهاتنشینانی قەزاکە لەخۆدەگرن، هەروەها ئەوانەی لە پشتێنەی زیاتر لە 1500 مەتر دان، لە 21،8%ی نشینگەکان و لە 16،8%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە پێکدەهێنن. شایەنی باسە بەگوێرەی ئەو پشتێنەیەی ڕێگاکانی هاتوچۆ، بەرزترین ڕێژەی نشینگە و دانیشتواکەیان لە قەراغی ڕێگاکاندا ئۆقرەیان گرتوە، بەمەش جۆرێك لە تەرزی دابەشبونی نشینگەی درێژکۆڵەیی لاوەکی و تەرزی نزیك لەیەکتری هەرەمەکی تێدا زاڵە.

نەخشەی(8)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای چۆمان بە گوێرەی ڕێگاکانی هاتوچۆ (قیرتاوکراو)



سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بەپشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

نەخشەی (9)
دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای خەبات بە گوێرەی ڕێگاکانی هاتوچۆ (قیرتاوکراو)



سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی بەرنامەی (ARC GIS 10.8) بەپشتبەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

هاوکات لە قەزای خەبات، زۆربەی نشینگە دێهاتییەکان دەکەونە قەراغ ڕێگاکانی هەولێر- خەبات و خەبات – گۆپاڵ، وێڕای ئەوەی لە ناوخۆی قەزاکەشدا تۆڕێکی بەرفراوانی ڕێگای لاوەکیی و خۆڵ هەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر، بەشی تەکنیك، ٢٠٢٦)، کە زۆربەی بەشەکانی قەزاکەیان بەیەکتر بەستۆتەوە و ئەوانیش بەقەراغی نشینگە دێهاتییەکاندا دەڕۆن، ئەمانەش کاریگەریەکی بەرچاویان لە تەرزی دابەشبونی نشینگەکانی دەڤەرەکەدا هەبوە، کە بەو هۆیەوە دیاردەیەکی فراوانی نیشتەجێبونی هەرەمەکی بێ مۆڵەت و بێ پلان کە بەشێوەیەکی پشتێنەیی لە تەنیشت ڕێگاکاندا سەرهەڵدەدات، وەك لە نشینگە دێهاتییەکانی (وسومەلیانی خوارو و چنارۆك) لە ناحیەی دارەشەکران لە باکوری قەزاکەدا بەرچاودەکەوێت (بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی دارەشەکران، هۆبەی کارگێڕی، ٢٠٢٦)

جێگای ئاماژەپێکردنە، نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە بەپێی پێوەری پشتێنەکان ئەوەمان بۆ ڕوونەبێتەوە، کە ئەو نشینگانەی کەوتونەتە نێو پشتێنەی ڕێگای هاتوچۆ کە مەوداکەیان لە 500 مەتر کەمترە، ئەوا لە 55،4%ی نشینگەکان و لە 71،9%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە دەگرنەخۆ، هاوکات ئەو بەشەی کە لە نێو پشتێنەی 500 – 1500 مەتر دایە، لە 24،6%ی نشینگەکان و لە 13%ی دانیشتوانی نشینگەکانی قەزاکەیان پێکهێناوە، لە بەرامبەردا ئەوانەی لە پشتێنەی زیاتر لە 1500 مەتر دان، ئەوا لە 20%ی نشینگەکان و لە 15،1%ی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکەیان لە خۆگرتوە، شایەنی باسە، بونی ڕێژەیەکی ئەوتۆی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای خەباتدا، بەتایبەتیش لە قەراغ ڕێگاکانی گواستنەوە و سەرەڕای هەبونی جۆری ڕێگای خۆڵ بە

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

شێوەیەکی بەرچاو، وایانکردوە نشینگەکان بەبێ هەر جۆرە پلانێك و بەگوێرەی سروشتی ڕەهای ڕێگاکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەش بن، تەنانەت لە هەندێ شوێنەکانیدا جۆرە تەرزێکی درێژکۆڵەی لاوەکی نیشان بدەن.

خشتەی (9)

دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان و ژمارەی دانیشتوانیان بەگوێرەی پشتێنەی ڕێگاکانی هاتوچۆ (قیرتاوکراو) لە ناوچەی توێژینەوە

قەزا	پشتێنەکانی ڕێگای هاتوچۆ (م)	ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان	%	ژمارەی دانیشتوان	%
قەزای چۆمان	کەمتر لە ٥٠٠	٦٨	٥٩،١	٩٥٦١	٧٠،١
	٥٠٠ - ١٥٠٠	٢٢	١٩،١	١٧٩٢	١٣،١
	زیاتر لە ١٥٠٠	٢٥	٢١،٨	٢٢٩١	١٦،٨
	کۆی گشتی	١١٥	١٠٠	١٣٦٤٤	١٠٠
قەزای خەبات	کەمتر لە ٥٠٠	٣٦	٥٥،٤	٢٨٩٦٧	٧١،٩
	٥٠٠ - ١٥٠٠	١٦	٢٤،٦	٥٢٤١	١٣
	زیاتر لە ١٥٠٠	١٣	٢٠	٦٠٥٥	١٥،١
	کۆی گشتی	٦٥	١٠٠	٤٠٢٦٣	١٠٠

سەرچاوە: کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پڕۆگرامی(ARC GIS 10.8) ، بەپشتبەستن بە:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، ٢٠٢٦

4 – 2 – 2 : هۆکاری ڕامیاری

بارودۆخە ڕامیارییەکان، وێنای تەرزی نشینگە دێهاتییەکان دەنەخشێنن، لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی بەردەوام لە نێوان دابەشبونی نشینگەکان و دەسەڵاتی ڕامیاری ئەو وڵاتەدا هەیە، بە بیانوی ئەوەی هەرچەندە دانیشتوانەکەی لە ژێر جڵەوی دەوڵەتدا کۆبێتەوە، ئەوا بەئاسانی کۆنترۆڵی سەر هەمو بەشەکانی ئەم ناوەندە دەکات (الياسري، ٢٠١٨، ٣١).

لە ناوچەی توێژینەوەدا، هۆکاری ڕامیاری کاریگەریەکی بەرچاوی لە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکاندا هەبوە، بەتایبەتی دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیری ساڵی 1975، کە لە نێوان وڵاتانی عێراق و ئێراندا بەسترا، بڕیاردرا بە ڕاگوێزانی خەڵکی ناوچە سنوریەکانی هەر دو وڵات بە قوڵایی 10-20 کیلۆمەتر (محمد، ٢٠٠١، ٢٢)، بەمەش ڕاگواستنی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان کە ناوچەیەکی سنوریە و دواتریش کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا لێکەوتەوە، سەرەنجام کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی کردە سەر نشینگە دێهاتییەکان لە ڕوی قەبارە و تەرزە دابەشبونەکەیاندا.

لە خشتەی (10)دا دیارە، کە لە ماوەی ساڵانی 1977- 1988، ژمارەی ئەو نشینگانەی لە قەزای چۆماندا ڕاگوێزراون بۆ ئەو شوێن و کۆمەڵگە زۆرەملێیانەی کە لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە، کە لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ کۆکردنەوەی دێهاتنشینەکانی دەڤەرەکە بونیاتنرابون خۆی لە 110 نشینگە دەدا، بەڵام دوابەدوای گەڕانەوەی دانیشتوانەکانیان بۆ زێدی خۆیان و دواتر سەر لەنوێ بونیاتنانەوەی نشینگە دێهاتییەکانیان، ئەمجارەیان بە بیانوی پاراستنی ئارامی و پەیوەستەی کۆمەڵایەتییەوە، بە جۆرە تەرزێکی نزیك لەیەکتری هەڕەمەکی ئۆقرەیان گرت، ئەمانەش فاکتەرێك بون بۆ سەرهەڵدانی زیاتری نشینگەی نزیك لەیەکتر لە بڕی نشینگەی پەرشوبڵاو یاخود تەنها هەڕەمەکی، وێڕای ئەمەش بە هۆی تێکچونی بارودۆخی سەر سنور لە ئەنجامی شەڕی خوێناوی نێوان عیراق و ئێران، زۆربەیان دێهاتەکانیان چۆلکرد و دوای گەڕانەوەشیان بۆ زێدی خۆیان نشینگەکانیان لە شوێنێکی نزیکتر ئاوەدان کردۆتەوە، وەك لە گوندەکانی گەلەژێر و شۆڕەی سەر بە ناحیەی حاجی ئۆمەراندا بەرچاو دەکەوێت (قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی کاروباری قەزا، ٢٠٢٦).

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

خشتەی (10)

ژمارە و شوێنی ڕاگوێزانی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی (1977 - 1988)

قەزا	ژمارەی نشینگە دیهاتییەکان	شوێنی ڕاگوێزان
قەزای چۆمان	١١٠	هەریر - پیرزین - کەسنەزان - باقرتە - شاوێس – چوارقورنە - دیرەلوك – دیانا - مەلائۆمەر - قوشتەپە - بەستۆرە
قەزای خەبات	١٢	کەورگۆسك – سێبیران – کانی قرژاڵە - کەلەك یاسین اغا - هەولێر

سەرچاوە Ressol, Shorsh.M , Destruction of a Nation, First Printing, U.S.A , 1990 , PP. 51-57

سەبارەت بە قەزای خەبات، ئەو نشینگە دێهاتییانەی کە لە ناوخۆی قەزاکە لەلایەن حکومەتی عیراق ئەوکاتەوە ڕاگوێزراون بۆ ئەو شوێن و کۆمەڵگە زۆرەملێیانەی کە لەخشتەکەی پێشودا ئاماژەیان پێکراوە، خۆی لە 12 نشینگە دەدات، سەرەڕای ئەمەش هەندێك لە دانیشتوانی دەرەوەی گوندەکانی قەزاکە هاتونەتە نێو دەڤەرەکە، بەتایبەتیش لەگوندی قۆریتانی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی ئەوکات بۆ نێو کۆمەڵگای کەورگۆسك و هەریەك لە گوندەکانی سیاو و ماستاوە بۆ نێو کۆمەڵگاکانی سێبیران و کەورگۆسك ڕاگوێزراون

(Ressol, 1990 ، 59 - 6). شایەنی باسە دروستبونی ئەم کۆمەڵگانەی وەك جەدیدەزاب و کانی قرژاڵە و کەورگۆسك و سێبیران و هەروەها زۆرێك لە نشینگە دێهاتییەکانی تریش لە نێو قەزای خەباتدا، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بارودۆخێکی نالەباری وەك ڕاگواستن، دواتریش دوبارە نیشتەجێکردنەوەیان بە شێوەیەکی خێراو نارێك، ئەم جۆرە بارودۆخانە وایانکردوە زۆرێك لە نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە لە دابەشبونەکەیاندا، جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی نیشان بدەن.

4– 2 – 3 : هۆکاری کۆمەڵایەتی

هۆکاری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە شێوەپێدان و ئاراستەی تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان، ئەویش لە ڕێگەی یەکخستنی عەشایەری و خزمایەتی، کە ئەمانەش گرنگترین خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکانن کە کاریگەرییان لە تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی دەڤەرەکەدا هەبوە، بەجۆرێك هۆزەکان بۆ پاراستنی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و بەرگری هاوبەش، ئارەزوی زیاتری ئەوە دەکەن لە شوێنێکی نزیك یەکتردا کۆبنەوە، ئەمەش ڕێك لەگەڵ نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆماندا هاوتەریبە، چونکە دانیشتوانەکەیان لەسەر بنەمای هۆزایەتی دابەشبونە و لە چەندین تیرە و عەشیرەتێك پێکهاتون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە عەشیرەتی باڵەکە، کە لە دابەشبونە جوگرافیەکەیدا تەواوی بەشەکانی نێو قەزاکەی گرتۆتەوە(**)

کەواتە دەکرێت بڵێین: ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەی کە هەیە، فاکتەرێکی سەرەکی بوە بۆ دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزاکە بە جۆرە تەرزێکی نزیك لەیەکتری هەڕەمەکی. بەپێچەوانەوە، نشینگە دێهاتییەکانی قەزای خەبات، لە ئەنجامی هاتنی بەشێکی دانیشتوانی هۆزەکانی دەرەوەی قەزاکە بۆ نێو نشینگەکانی دەڤەرەکە، وایانکردوە جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی تێدا زاڵبێت. شایەنی باسە هۆزەکانی هەرکی و شێخ بزێنی و سورچی دەکەونە بەشەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای قەزاکە، هەروەها هۆزی زراری لە باکور و باکوری ڕۆژهەڵات و هۆزەکانی بامەندی و شێخانی و دیسان هەرکی و چەندین هۆزی دیکەش، دەکەونە بەشەکانی باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتەوە(***).

جێگای ئاماژەپێکردنە لە ئەنجامی نیشتەجێبونی زۆرێك لە خەڵکی هۆزەکانی دەرەوەی دەڤەرەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ نێو نشینگەکانی قەزاکە، وەك هۆزی شێخ بزێنی کە لە گوندەکانی گاینج و شیوەڕەشی کۆندا نیشتەجێبونە و گوندەکەیان ئاوەدانکردوەتەوە، هەروەها هۆزی بلباس لە کۆمەڵگای کەورگۆسك، چەندین هۆزی دیکەش، ڕەنگدانەوەیەکی فراوانیان لە شێوەپێدانی تەرزەکەدا هەبوە.

دەرەنجامەکان

1- خاڵی سەنتەری ناوەندی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان لە سەنتەری قەزاکە نزیکترە وەك لەوەی لە قەزای خەباتدا بەدیدەکرێت. هەر بۆیە دیاردەی سەنتەری قەزای چۆمان بریتییە لە گوندی کەوەرتان و قەزای خەباتیش بریتییە لە کۆمەڵگەی جەدیدەزاب.

2- دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای چۆمان بەپێی شیکاری دوربی پێوانەیی، تەرزێکی پەرشوبڵاویان لە دەوری خاڵی سەنتەری ناوەندییەوە وەرگرتوە، هەرچی قەزای خەباتیشە، گردبونەوەیان بەدەوری خاڵی سەنتەری ناوەندییەوە تارادەیەك تۆپەڵتر و چڕترە.
3- ئاڕاستەی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان، لە باشوری ڕۆژهەڵات بەرەو باکوری ڕۆژئاوایە، کەچی لەقەزای خەبات لە باشوری ڕۆژئاوا بەرەو باکوری ڕۆژهەڵاتە.
4- تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆمان، تەرزێکی لەیەکترنزیکی هەڕەمەکییە، هەرچی قەزای خەباتە، جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکی لەخۆگرتوە، ئەمە جگە لە بونی تەرزێکی لاوەکی درێژکۆڵەیی هەڕەمەکی بەدرێژایی ڕوبار و دوڵەکان.
5- پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان بەرزبونەوە لە ئاستی ڕوی زەوی و تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکاندا بەدی دەکرێت، بەجۆرێك نشینگەکانی قەزای چۆمان لە نێو دۆڵ و پێدەشتی چیاکاندا ئۆقرەیان گرتوە، بۆیە جۆرە تەرزێکی لەیەکتر نزیکی هەڕەمەکییان لە خۆگرتوە، بەپێچەوانەوە لە قەزای خەبات، بەهۆی تەختایی و کەملێژیی ڕوی زەوییەکەیەوە، نشینگە دێهاتییەکان، جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکییان لەخۆگرتوە.
6- ڕوبارەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بونیادنانی تەرزێکی لەیەکتر نزیکی هەڕەمەکی لە نشینگە دێهاتییەکانی قەزای چۆماندا هەبوە، کەچی لە قەزای خەبات، بەهۆی بێپلانی بڵاوبونەوەی بیرەکان، نشینگەکانیان جۆرە تەرزێکی هەڕەمەکییان لەخۆگرتوە.

7- پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان تۆڕی ڕێگای هاتوچۆ و تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکاندا هەیە.
8- فاکتەرە ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان، هەریەکە و بە بڕی جیاواز کاریگەریان کردۆتە سەر تەرزی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکانی ناوچەی توێژینەوە.

ڕاسپاردەکان

1- بە مەبەستی چاودێریکردنی ئاڕاستە و تەرزەکانی دابەشبونی نشینگە دێهاتییەکان، پێویستە سود لە تەکنیکە سەردەمییەکانی وەك (GIS) وەربگیرێت.
2- دەستنیشانکرنی چەند نشینگەیەك وەك پلاندانانێکی شوێنجێیی هەرێمی، بەجۆرێك دیاریکردنی شوێنیی نشینگەکان بە پێوەری قەبارەی دانیشتوان و بنەمای بە ئاسان گەیشتن بێت، ئەویش بەمەبەستی کۆکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان لەنێو ئەم نشینگانەدا، تاکو ببێتە مەڵبەندێك بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاری نشینگە دێهاتییەکانی دەوروبەریان.
3- قیرتاوکردن و چاککردنەوەی تۆڕی ڕێگاکانی هاتوچۆ لەناوچەی توێژینەوە، بە تایبەتیش لە قەزای خەبات، چونکە ڕێگایەکی زۆری نێوان نشینگە دێهاتییەکان یان خۆڵین یاخود توانستیان کەمە، بە چاککردنەوەیان پەیوەندی نێوان نشینگەکان و تەنانەت بە شارەکانی دەوروبەریان بەهێزتر دەبێت.

لیستی سەرچاوەکان

احمد، پشتیوان شفیق،(2026)، دابەشبونی جوگرافی بۆ ئاراستەکانی ناوەندی و قورسایی دانیشتوانی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای ڕواندز، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (13)، ژمارە (1).
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، فواد مستەفا حمد، (30 - 9 -٢٠٢٥)، خەڵکی ڕەسەنی گوندی دەربەندی ڕایات، ناحیەی حاجی ئۆمەران.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، زانا سالح محمدامین، (30 - 9 - ٢٠٢٥)، خەڵکی ڕەسەنی گوندی وەردە، ناحیەی گەڵاڵە.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، کامەران حسێن میرسادق، (2 - 10 - 2025)، خەڵکی ڕەسەنی گوندی ڕوستێ، ناحیەی سمێلان.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، محمد اسماعیل رشید، (5 - 10 - ٢٠٢٥)، خەڵکی ڕەسەنی گوندی تۆبزاوە، ناحیەی ڕزگاری..
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، بارزان رشید محمد، (5 - 10 - ٢٠٢٥)، خەڵکی ڕەسەنی گوندی گوندی شیوەڕەشی کۆن، ناحیەی کەورگۆسك.
چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، شوان عزیز حسێن، (6- 10- 2025)، خەڵکی ڕەسەنی گوندی قەرەقاجین، ناحیەی دارەشەکران.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، هۆبەی کەشناسی کشتوکاڵی، چۆمان، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سۆران، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان، بەشی زەوی و زار، چۆمان، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، هۆبەی کەشناسی کشتوکاڵی، هەولێر، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، فەرمانگەی ئاوی دەوروبەری هەولێر، هۆبەی جیۆلۆجیا، هەولێر، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر، بەشی نەخشەسازی، هەولێر، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەولێر، بەشی تەکنیک، هەولێر، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی GIS، هەولێر، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، بەشی GIS، هەولێر، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی کاروباری قەزا، چۆمان، ٢٠٢٦.

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای پیرمام، بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی دارەشەکران، هۆبەی کارگێڕی، پیرمام، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای چۆمان، بەشی پلاندانان، چۆمان، ٢٠٢٦.
حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای هەولێر، قایمقامیەتی قەزای خەبات، بەشی پلاندانان، خەبات، ٢٠٢٦.
الحيالي، عبدالامير عباس عبد، عيدان، جمال عبد منديل، (2018)، استخدام نظم المعلومات الجغرافية في دراسة اتجاه و انماط توزيع المستقرات الريفية في قضائي بلدروز و كلار، مجلة ديالى للبحوث الانسانية، جامعة ديالى، مجلد (2)، عدد (77).
داود، جمعة محمد،(٢٠١٢)، اسس التحليل المكاني في اطار نظم المعلومات الجغرافية (GIS)،نسخة الاولى، بلا مكان الطبع، المملكة العربية السعودية.
ڕواندزی، عمر حسن حسین، هەنارەپی، ڕزگار محمد عوسمان، (2017)، دابەشبونی شوێنی نشینگە لادێیەکانی قەزای سۆران بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریيە جوگرافییەکان، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ژمارە (0).
سليم، رشيد حاجي محمد، (٢٠٢١)، كاريگەری وشكە سالی لەسەر پۆشاکی ڕوەکی لە هەرێمی دەشتايی لە پارێزگای هەولێر لەماوەی سالّانی 2000 - 2020 بە بەکارهێنانی *RS - GIS*. نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
العتيبي، سامي عزيز. الطائي، اياد عاشور، (٢٠١٢)، الاحصاء والنمذجة في الجغرافية، مطبعة أكرم، بغداد.
عزيز، شوان صالح، احمد، سعيد فاضل،(٢٠٢٠)، محاضرات في الاحصاء الجغرافي، بلا مكان طبع، ديالى.
كاظم، مصطفى مكي جواد، جبر، انتظار جاسم،(2025)، انماط توزيع الجغرافي للمستقرات الريفية في قضائي الحسينية والجدول الغربي لمحافظة كربلاء المقدسة، مجلة الباحث، جامعة بغداد، مجلد (44)، العدد(2).
کاکی، کاوە رشید، تالیب، جەزا تۆفیق، (٢٠٢٢)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبونی دانیشتوانی قەزای سەید سادق. گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی(7)، ژمارە(١) .
الكبيسي، احمد محمد جهاد، (٢٠٢٤)، خرائط التحليل المكاني للمستوطنات الريفية و التنمية الزراعية في ناحية الصقلاوية بأستخدام التقنيات الجغرافية، مجلة العميد، مجلد (13)، عدد (50)، الانبار .
مجيد، بيداء محمود، (٢٠٢٤)، التحليل الجغرافي للموارد الطبيعية و امكانيات استثمارها في محافضة اربيل، اطروحة دكتورا، جامعة صلاح الدين، اربيل.
محمد، خليل اسماعيل، (1982)، انماط الاستيطان الريفي في العراق، مطبعة الحوادث، بغداد.
محمد، خليل اسماعيل، (٢٠٠١)، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كوردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، ط ٢، اربيل.
محمد، خەلیل ئیسماعیل، ئیسماعیل، ئەیوب خەلیل، (٢٠١٥)، گوندنشینی لە هەرێمی چیایی پارێزگای هەولێر وەك نمونە، چاپخانەی پەنجەرە، چاپی یەکەم، تاران.
محمود، جێگر حسن، (٢٠٢٥)، شیکردنەوەی شوێنی گۆڕانی بەکارهێنان و ڕووپۆشی زەوی لە قەزای خەبات لە ماوەی نێوان سالّانی 1993 – 2023 بە بەکارهێنانی *RS - GIS*. تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
مضهری، محمد ابراهیم، بودات، فاطمه، حسیني، علی، (2020)، بررسي تطبيقي الگوی فضايي سكونتگاه روستايي وعلل شكل گيری ان (نمونه‌های مورد مطالقة روستايي شلحه امام حسن أبادان و روستايي حدبه‌ی خنافره شادگان، گۆڤاری مسکن و محیط روستا، خوزستان، بەرگی (99)، ژمارە (170).
نوفل، رشا صابر، (٢٠٢٤)، التحليل المكاني في نظم المعلومات الجغرافية بتطبيق على برنامج ARCGIS. بلا مكان طبع، جمهورية مصر العربية.

الياسري، حسين قاسم محمد،(٢٠١٨)، التوزيع الجغرافي للسكان في محافظة البصرة و تأثيره في قوة العراق السياسية، مجلة دراسات البصرة، السنة الثالثةالعشرة، عدد (27)، البصرة.

ATKINSON, C. L. & ATKINSON, A. M. (2023). Impacts of Climate Change on Rural Communities: Vulnerability and adaptation in the Global South. *Encyclopedia,* 3**,** 721–729.
DAAC, A. (2014). PALSAR , Radiometric,Terrain, Corrected_high_res.
Li, X. Li, H, Zhang, Y, Yang, L. (2017). Spatial Patterns and the Regional Differences of Rural Settlements in Jilin Province, China, Sustainability, MDPI ,9 ,2170, Basel.
RESSOL, S. M. (1990). *Destruction of a Nation,* U.S.A.
SARKAR, A. (2010). Analysis of Human Settlement Patterns Using RS and GIS in the Plains of West Bengal. *The On-Line Indian Journal of Spatial Science,* 1**,** 1.1–1.16.

پەراوێزی توێژینەوە

(*) بەهای نزیکترین دراوسێ، بەو هاوکێشەیە بەدەستهێناوە :-

$$R_n = 2 \times d_m \times \sqrt{N/A}$$

کاتێك : R_n = بەهای نزیکترین دراوسێ، d_m = تێکڕای دوریی نێوان ڕەگەزەکان، N= ژمارەی ڕەگەزەکان، A = ڕووبەری ناوچەکە، بڕوانە:
Ashis Sarkar, Analysis of Human Settlement Patterns Using RS and GIS in The Plains of West Bengal, e Traverse, of Geographical Institute, The On-Line Indian Journal of Spatial Science, No (1), India, 2010, p.7

(**) زانیاری لەسەر هۆز و تیرەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەل ئەم بەڕێزانە کۆکراوەتەوە:
1- فواد مستەفا حمد، خەڵکی ڕەسەنی گوندی دەربەندی ڕایات سەر بە ناحیەی حاجی ئۆمەران، 30- 9 -2025
2- زانا سالح محمدامین، خەڵکی ڕەسەنی گوندی وەردە سەر بە ناحیەی گەڵاڵە، 30- 9 - 2025
3- کامەران حسێن میرسادق، خەڵکی ڕەسەنی گوندی ڕۆستێ سەر بە ناحیەی سمێلان، 2-10- 2025

(***) زانیاری لەسەر هۆز و تیرەکان لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەل ئەم بەڕێزانە کۆکراوەتەوە:-

RJH Raparin Journal of Humanities
A Peer Reviewed Journal
DOI:10.26750
e-ISSN: 2522-7130
RJH Website

1- بارزان ڕەشید محمد، خەڵکی ڕەسەنی گوندی شیوەڕەشی کۆن سەر بە ناحیەی کەورگۆسك، 5 -10- 2025
2- محمد اسماعیل رشید، خەڵکی ڕەسەنی گوندی تۆبزاوە سەر بە ناحیەی ڕزگاری، 5-10- 2025
3- شوان عزیز حسین، خەڵکی ڕەسەنی گوندی قەرەقاجین سەر بە ناحیەی دارەشەکران، 6-10- 2025